ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

پەیامی قیبلە

# عومەر عەلی و دژە تیرۆری بەریتانیاو مامۆستا کرێکار

## پەیامی وردبینی

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

ژمارە

٢٣

# عومەر عەلی و دژە تیرۆری بەریتانیاو مامۆستا کرێکار

## پەیامی وردبینی

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

ژمارە (٢٣)

پەیامی قیبلە
ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتێب: عومەر عەلی و دژە تیرۆری بەریتانیاو مامۆستا کرێکار

نووسەر: د. عومەر علی

دیزاینی ناوەوە: عبداللە خاکی

دیزاینی بەرگ: توانا ئەحمد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

**ژمارە (     )ی ساڵی (     )ی**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە**

بسم الله الرحمن الرحيم

# دەروازە

لە شەڕی ناوخۆدا پێشمەرگەیەکی یەکیەتی بەدیل کەوتبوە لای پارتی لە هەولێر، ماڵی پێشمەرگەکە لە گەرمیان بو، ماڵەکە گریان و زاری و هات و هاواریان کردبو، بە شێوەیەك دراوسێکان دەنگیان بیستبون، رۆشتبون بۆ دڵدانەوە، لەم هاتوهاوارەدا قوتابیەکی زانکۆی سەلاحەدین کە دراوسێیان ببو دەنگی بیستبو، کە بە مۆڵەت هاتبویەوە بۆ گەرمیان، ئەویش نەیزانی بو چۆن دڵیان خۆش بکات و لەم گریان و زاریە دەریان بهێنێت، رۆشتبو بۆ ماڵەکە، وتبوی کاکە من جەنابی کاك مەسعود بارزانی دەناسم، کە گەڕامەوە بۆ هەولێر دەڕۆم بۆ ماڵیان و داوا دەکەم کوڕەکەتان ئازاد بکەن! ئەوان پێشتر لە گریان و زاریدا هەتا دوعایان دەکرد مەیتەکەشیان دەست بکەوێتەوە هەر هێشتا مەمنونن، کەچی ئەم هەروا بە ئاسانی دەڵی کوڕەکەتان ئازاد دەکەم! ماڵەکە لە خۆشیاندا نەیانزانی بو چۆن هێور ببنەوە، هەروا زوو بەزوو، دەموچاویان شتبو، شیرینی و میوە هات و خەڵك هەموی کۆبویەوە لە ماڵیان، کوڕەشیان خستبویە سەری سەرەوە، رێزو ئیحترامێکی زۆریان لێگرتبو، ئەم کوڕە قوتابیە خۆی دەیگێڕایەو کە هەڵدەستا بەجارێك هەموی هەڵدەستان لەبەری، دوای دەمەتەقەی خۆش و شیرینی و میوەو چەرەزات خواردن،

وتبویان کاکە گیان سبەی تەکسیت بۆ دەگرین بە تایبەتی تا بچین بۆ هەولێر، ئەویش وتبوی کاکە پێویست ناکات، من خۆم دو سبەی بە پاس دەڕۆم، نەخێر سودی نەببو، دواتر کە دۆخەکە بە تەواوی هێمن بویەوە، ئەم کوڕە قوتابیە وتبوی کاکە من لە وەعدی خۆم پەشیمان نیم، لەگەڵیشتان دێم بۆ ماڵ کاك مەسعود، بەڵام ئەگەر نەیانکردینە ژورەوە عاجز نەبن! ئەوانیش سەریان سوڕمابو، پێشتر زۆر بە ئاسانی وتبوی دەڕۆین بۆ ماڵیان و پێی دەڵێم بەری بدەن، وایان زانیبو پەیوەندیەکی پتەوی تایبەتی لەگەڵ خودی کاك مەسعوددا هەیە بە حوکمی ئەوەی قوتابیەو لە هەولێرە، ئێستە قسەکە زۆر جیاوازی هەیە! وتبویان کاکە تەنها پێمان بڵێ تۆ چۆن خودی کاك مەسعود دەناسیت؟ ئەویش زۆر بە سادەیی وتبوی کاکە گیان چۆن نایناسم! هەمو رۆژێك لە تەلەفزیۆندا نیشانی دەدات، لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بەردەوام لەسەری دەخوێنمەوە، بەخوا لە باوکی خۆم باشتر دەیناسم! ئیتر ئەوانیش داماوانە دیسان کەوتبونەوە گریان و سەرزەنشتکردنی ئەم قوتابیە؟ وتبویان تەنها پێمان بڵێ تۆ بۆ وات لە ئێمە کرد؟ ئەویش وتبوی کاکە خۆ ئێوە خۆتان کوشت! وتم با تۆزێك هێور ببنەوە. ناسینی کەسە باڵاکانی ناو کۆمەڵگە بە سیاسی و دینی و جۆرەکانی تریشەوە، سودی خۆی هەیە، ئێمە زۆرجار خۆشویست، یان رقلێبونەوە، وەیان ترس خۆمانی لێ دەبورێنین.

## دەستپێك:

زۆرجار کە بەدەردەکەویت لە ڕۆڵبینین لەناو کۆمەڵگە ئیسلامی و هەتا ئەوروپیەکانیشدا ئیتر چاوت دەکەوێتە سەر، هەم دەرگای خێرو هەمیش شەڕت بۆ دەکرێتەوە، زانستی دەوێت ماسی بگریت و پێشت تەڕ نەبێت.

ئیسلام گەر دژی زانست بوایە یەکەم ئایەت بە بخوێنە دەستی پێ نەدەکرد.

زۆرم بەلاوە سەیرە کە ئامێرێکی خزمەتگوزاری نوێ دەکەوێتە بازاڕەوە، هەندێك لە بێ باوەڕەکان دەڵێی راجیمەیەو بە خوای گەورەوەی دەنێن، بێ ئاگا لەوەی ئەمە بەخششێکی خواییە با لە بێ باوەڕێکیشەوە سەرچاوەی گرتبێت، کێ ئەو ژیریەی پێداوە!؟ کێ مادەی کەرەستەکەی لە بنەڕەتدا دروست کردووە؟!

ئیسلام ساحەیەکی گەورەی خستوەتە بەردەستت، تۆپێکیشی پێداویت، گۆڵیشی بۆ دیاری کردویت، یاساشی بۆ داناویت، فێری یاریشت دەکات.

گەر تۆ یاریچیەکی باش بیت، نە پێی کەس دەشکێنیت و تێی هەڵبدەیت، نە جوێن بە کەس دەدەیت، نە ڕەخنە لە حەکەمەکەش دەگیرت وە گۆڵی خۆشت دەکەیت.

گەر بە پێچەوانەوە بێت، خۆت زۆر ماندو دەکەیت، یاریچیەکانی تریش شەل و قەم دەکەیت، دەڵێی حەکەمەکە غەشی کرد! وە گۆڵیش ناکەیت!

گەر هەر هیچیشت بۆ نەمایەوە، دەڵێی کاکە ساحەکە هی خۆمان نەبوو!

زۆر هەڵەیە قورئان تەنها وەك کتێبێکی رۆحی سەیری لێوەبکەیت، کتێبێکی دەستوریش نی یە هەرچی برگەی یاساییە وردەکاری بۆ کێشا بێت، بۆ نمونە یاسای ترافیك، یان بیناسازی، کتێبێکی کۆنیش نی یە، وەك دەڵێن بۆ ئەم سەردەمە ناشێت!

قورئان لە یەك کاتدا هەم رۆحیەو هەمیش دەستوریە، وە بە تازەیش دەمێنێتەوە، بەڵام بە ئەقڵێکی کراوە، کە دەڵێم کراوە مانا کراوە نەك بەناو کراوە.

من وەك خۆم نە شەرم دەکەم نە دەشی شارمەوە، یەقینم لەسەر قورئان دامەزراوە، کە هەڵەیەکم دی لەسەر قورئان ناتوانم باوەڕ بەو دەزگا یان کەسە بکەم کە بە هەڵە وێنای ئەو ئایەتە دەکات، با کەسەکە قنج و قیت و جوانیش بێت، با کەناڵەکەش HD بێت، خۆم بۆ خۆم ئەوەندە توانای زانستیم هەیەو زمانیش دەزانم کە لە دوای برۆم.

گرتم بە ئایەتێکەوەو نوسام پێیەوە هەتا نەگەمە بنچینەکەی وازی لێ ناهێنم، سەیری سەد سەرچاوەی بۆ دەکەم، لە ئەمەزۆن کتێبم کڕیوە بە (١٠٠) دۆلار بۆ تەنها برگەیەك و دواتر ئیشیشم پێی نەماوە، زیاتر لە (٥٠٠) کتێب کڕیوە لە دەیان وڵاتی جیاوازەوە، خەوم کەم دەبێتەوە، بەرۆژوش بم بەئاگام دەهێننەوە لەوەی بانگیدا وەرە خوارەوە نانەکەت بخۆ! ئەوەندە بیرم لای دەبێت تێبینی ناکەم چیم خواردوە،

ئەوکاتە لەوە تێدەگەم کە سەعید نەورەسی بۆ ژنی نەهێناوە، چون مەجالی نەبوە، ئیمامی طەبەری چۆن ئەو هەموە بەرهەمەی هەیە، باشتر مانای ئەو کتێبە تێدەگەم کە لەسەر زانا زگوردەکان نوسراوە **(العلماء العزاب الذين آثروا العلم على الزواج)** کە بەم شێوە سەرقاڵ دەبم خێزانم دەبێتە مل، دەڵێم خۆزگە ژنم نەهێنایە، زۆرجاریش کە دوردەکەومەوەو دەستم خاڵی دەبێت دەڵێم بەخوا پیاو ٤ ژنی پێویستە.

هەندێك شت هەیە کە من ئێستە نەیڵێم بە مردنم دەفەوتێت و بە ئەمانەتی زانستی دەزانم، چون دواتر کەس نی یە ئەمەم بۆ بنوسێتەوە.

تەمەن بەشی ئەوە ناکات هەرچی شت هەیە بەو شێوەیە بچینە بنج و بناوانی، بەڵام کەسی ژیرو ئاقڵ و دانا **(الكيس)** زوو لە حەقیقەتەکان تێدەگات و تەسلیمی دەبێت، چاوەڕێ ناکات هەرچی گومان هەیە بەو شێوەیە لە دوای بڕوات، هەرچەند زاناکان خوای گەورە پاداشتیان بداوەتەوە ئەو کارەشیان بۆ ئێمە کردووە، کتێب هەیە لەسەری بەناوی

**(كشف الشبهات)** ڕەواندنەوەی گومانەکان، لەناو کوردەکاندا ئێستە قەوانێك لێ دەدرێت سەد ساڵ پێش ئێستە لەناو عەرەبدا لێدراوەو پوچەڵیش کراوەتەوەو بەسەریش چووە! تازە بابای بەناو ڕۆشنبیری تازەو لە کەناڵێکی تازەو بەناوی تازەگەریەوە خواردنی کۆنی بەسەرچو گەرم دەکەنەوە، ئاژەڵیش بۆنی لێ بکات بە هەستەکانی ڕەدی دەکاتەوە،

سەرم سوڕدەما کە لە قورئاندا وێنای هەندێك مرۆڤ لە ئاژەڵ خراپتر کرابو، بیریشم دەکردەوە راستە مرۆڤ دەکرێت لە ئاژەڵ خراپتریش بێت، ئاژەڵ گەر زۆر سەرشێتیش بێت قۆچ دەوەشێنێت، کەسێك بریندار دەکات، هەرگیز ناتوانێت چەکی ئەتۆم دروست بکات و وڵاتێکی پێ کاول بکات، ئاژەڵ ناتوانێت لوغم بەرهەم بهێنێت و لە بنی بەردێکدا دای بنێت و شوانێکی کوردی داماوی پێوە ببێت، مامە پیرەیەکی داماو لە بێ نەوتیدا تەورەکەی بخاتە سەرشانی و بەهەزار حاڵ بگاتە شاخ بۆ ئەوەی چڵە دارێك بهێنێت و پیرەژنە داماوەکەی هاوسەری دۆخەوایەکی پێ لێ بنێت، منداڵەکانیان کە لە قوتابخانە گەڕانەوە پاڵتۆکەو جانتاکەیانی پێ وشك بکەنەوە، کەچی لەو سەرشاخە لوغمێك بیکوژێت، هاوسەر منداڵەکان نانیان نەخواردبو چاوەڕێی داری باوکیان بون، بەڵام لەبری داری وشك تەرمی باوکیان بۆ هێنانەوە، ئاژەڵ مرۆڤەکان تورەی نەکەن شۆقیش ناوەشێن، بەڵام ئەوان ئەوەتا بە تیرەوە سەرشانیان زامدار دەکەن لە ئیسپانیا! ئەوانیش لە ناچاریدا بەدوای مرۆڤەکان دەکەون، نیودانە سەعات گریام بەدیار ئەو گامێشەوە لە ئیسپانیا کە خوێن بە جەستەیدا دەهاتە خوارو کابرای تیرهاوێشی لە سوچێکدا بەگیرهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاژەڵ بوو ڕوی کردە ئاسمان و بۆڕاندی بۆۆۆۆۆۆۆ نەیتوانی تیرهاوێژەکە بکوژێت، لە کاتێکدا دەستی لە خوێنەکەشیدا هەبو، لە بۆڕەکەیدا من دەنگم دەبیست، دەمبیست دەیگوت: خوایە گیان من ئاژەڵم ئەمانەش مرۆڤ.

ئەم ئەسارە چی تێدا دەگوزەریت! ئەی خوا گیان تاوانەکان زۆرن! بەڵام بەڵگەکان کەم! دادوەرەکانیش دەستێوەردانیان لەگەڵ دەکرێت!.

تا مردن ئەو ساتەم لە یاد ناچێت کە وەرگێرانم بۆ کەیسێك دەکرد، لیژنەیەکی ١٢ کەسی پسۆڕی لەسەر بەسترابوو، تاوانی گەورەی لەسەر تۆمار کرابو، ئەویش نەیدەتوانی چۆن ڕونی بکاتەوە، سەیری دەکردو نەیدەتوانی قسە بکات، وەك موبایڵ صامت ببو، وەك بڵێی من چیم کردوە ئەم هەموە دکتۆرو پسۆڕەم لێ کۆبوەتەوە، بە هەمویانەوە نەیاندەتوانی بیهێننە قسە، من لە دۆخەکە تێدەگەشتم بەڵام بۆم نەبو دەستێوەردان بکەم، ئەوەندە گریام دکتۆرەکان وازیان لەو هێناو کەوتنە هێورکردنەوەی من، بەخوا قەسەم ئێستە بە گریانەوە ئەم دێڕانە دەنوسم.

ئەم ئازارانە چۆن هەروا دەبێت بەسەر بچێت! دەبێت دادگایەکی دادگەر هەبێت و گشت ئەم کەیسانە یەکلای بکاتەوە، دادگا دونیایەکان کامەیان زۆر دادگەرن گیر دەخۆن بەدەست کەیسێکەوەو بە تەمەنێك بۆیان یەکلای ناکرێتەوە،

خۆ نەرویج نمونەی دونیای جوانی و دادگەریشە کوا؟ ئەوە چەند ساڵە کەیسی کوردێکی ئاوارەی بۆ یەکلای نەکراوەتەوە، ریشی تەڵی سپی تێداد نەبو دەستیان پێکرد! ئێستە تەڵی ڕەشی تیا نەماوە، وە گومانیشم نی یە لەوەی دەشمرێت و کەیسەکەی بە کراوەی

دەمێنێتەوە! ئەی نابێت قیامەت هەبێت و درێژە بەم کەیسە بدرێت؟! خۆ هێشتا تەواو نەبوە!

کەشتیەوان کۆمەڵێك زانیاری کەمی دەوێت لەسەر ئەوەی زەریاکان ببڕێت، بەڵام زۆرجار بۆ پەك کەوتنی بچوکترین ئامێری کەشتیەکە پێویستی بە هاوکاریە، خۆ ئەگەر وزەی لێ بڕا ناڕوات فرێی بدات و بڵێ بەخوا تازە ئەمە بە کەڵك نایەت! ئەوەتا هەرچی پێی لێ دەنێم ناڕوات! ئەو دەبێت چارەی دەردەکە بکات، چون گەر هەرواش بوەستێت دواتر نوقم دەبێت.

مرۆڤەکان هەم کەرەستەو هەمیش ژیریان پێدراوە، مرۆڤی ژیر کەڵك هەم لە کەرەستەکەو هەمیش ژیریەکە وەردەگرێت، هەمیش سوپاسی ئەو هێزە دەکات کە ئەم بەخشىشانەی لاوە هاتووە، هەیە تەنها کەڵك لە کەرەسەکان وەرەگرێت، هەیە کەڵك لە ژیریەکەی وەردەگرێت، لە کۆتایدا هەر داهێنانێك بەرهەم هات خۆ نابێت خوا لەبیر بکرێت! تۆ تەنها شتەکانت پێکەوە نوساندوە، زۆر هەڵەیە داهێنانەکان تایبەت بکرێت بە دین یان بێ دینیەوە، هەمو مرۆڤایەتی تێیدا هاوبەشە، وە هەموشی لەو ساحە موباحەدایە کە خوای گەورە لە بنەڕەتدا بۆی فەراهەم هێناوین.

مرۆڤەکان جیاوازن، هەیە یاریچیەکی باشە وەك زەیدان و میسی، هەیە گۆڵچیەکی باشە، هەیە جمهورێکی باش، هەشە شەڕێك دەنێتەوە دوای یاریەکە بە پۆلیسیش کۆنترۆڵ

ناکرێت! هەشە لە ماڵی خۆیدا ژن و منداڵەکانی خۆی فەلاقە دەکات لەسەر یاری! کۆی ئەمانە هەمووی لەسەر یاریە، بەڵام زەیدان بو بە ملیۆنەرو ئێستە دەزگای خێرخوازیشی هەیە، میسی مەلاین ئیرۆی دەست دەکەوێت ساڵانە، یەکێ لە جمهورەکانیش کوژرا لەسەر یاری، یەکێ تر کەوتە زیندان بە تۆمەتی کوشتن، یەکێ تر قاچی شکاوەوە بە دارشەق ڕێدەکات ئێستە، کوردەکەی خۆشمان ژنەکەی تۆراوە تەکلیفیان لە من کردوە باوکی ڕازی بکەم بیداتەوە، منداڵەکانیشی شەو لە ماڵی مامیان خەوتن لە ترسی باوکیان، سبەی بەبێ جانتا رۆشتن بۆ قوتابخانە، مامۆستا لێدانی کردن لەسەر ئەوەی قژیان دانەهێناوەو جانتاشیان نەهێناوە، لە حانوتەکەش سەیری دەمی هاوڕێکانیان دەکرد کە لەفەیان دەخوارد چون لەماڵ خۆیان نەبون و پارەی ڕۆژانەیان نەهێناوە.

## وردبونەوە لە دروستکراوەکان

هەر ئەم بەیانیە ٢٠١٩/٠٣/١٤ منداڵەکانم دەبرد بۆ قوتابخانە، پاسێك لەبەردەممەوە دەڕۆشت، محمدی کوڕم وتی: باوکە تۆ حەز دەکەیت ببیت بە شۆفێری پاس، وتم: کوڕی خۆم نا من سایەق پاسی ناکەم! یەکسەر کەوتەبیرم وەڵامەکەم هەڵەبوو، تا زووە با راستی بکەمەوە، نەوەك حەزێکی لەو شێوەی تێدا بێت و دواتر حەزەکەی بمرێت! دواتر باش بوو دەرفەتی ئەوە هەبو بۆی روون بکەمەوە، تا بە هەڵە لەمن تێنەگات و شۆفێری پاسیش بەسوك سەیر نەکات.

وتم: کوڕە جوانەکەم کاکە محمد گیان، شۆفێری پاس کارێکی زۆر پێویست و بەجێ یە، نابینی ها ئەو هەموو خەڵکە دەگوازێتەوە، ئێستە زۆر کەس هەیە وەکو ئێمە ئوتومبێلی نی یە منداڵەکانی بە پاس دەبەن بۆ قوتابخانە، خەندەیەکی کرد وەك بڵێی ئەم وەڵامە دروست تر بوو، نەك ئەوەی بڵێم نا من نابم بە شۆفێری پاس، دواتر وتم با بیری فراوانتریش بکەم تا تەنها بیر لە لێخوڕین نەکاتەوە، وتم بەڵام کاکە محمد گیان دەزانی لەوەش گرنگتر هەیە؟ وتی چی؟ وتم ئێستە ئەو شۆفێرە پاس لێدەخوڕێت، بەڵام کێ پاسەکەی دروستکردووە؟ ئەگەر ئەو ئەو پاسەی دروست نەکردایە ئێستە شۆفێر چی لێ بخوڕایە! ئیتر گەشتینە قوتابخانەکە.

گەر دەرفەت هەبێت دوای ئەوە شتی تریشی پێ دەڵێم: دەڵێم کورە عەزیزەکەم، دەزانی لەو کەسەش گرنگتر هەیە کە پاسەکەی دروستکردوە؟ بەو شێوە، هەنگاو هەنگاو لەگەڵی دەڕۆم، تا ناسینی خالقی پێ نیشان دەدەم، تا کە گەورەبوو لە خۆیەوە نەڵێ خوا چی یە! نەڵێ پێغەمبەر کێ یە! لە خۆیەوە دەمدرێژی نەکات و بڵێ ئەم قورئانە چی یە! هەمو ئەوانە شتن، ئەگەر ئێمە شت بین و لێیان تێبگەین!

# مرۆڤایەتی!

ئێمە بۆ حەزی خۆمان هەتا ئاژەڵەکانیش دەکوژین، بیرتان هەر لای ئیسپانیاو گامێشەکانیش نەبێت، لە تەلەفزیۆندا بینیم لە کوردستان سەگیان بەشەڕ دەدا! هەمویان پێدەکەنین و ببون بە جمهوری سەگ! ئەوان پێدەکەنین کە لە واقعەکەشدا بوون، من دەگریام کە سەیرم دەکرد!

مەروەی کچم دەستی کردە ملم و وتی: باوکە گیان بۆ دەگیریت؟ نەمتوانی لە گریاندا وەڵامی بدەمەوە! دواتر خۆی سەیری دیمەنەکەی کردو وتی ئۆی گوناحە! بۆ وا لەو سەگانە (دۆگانە) دەکەن. وتم کچە عەزیزەکەم خەمی من زۆر لەوە قوڵترە تەنها بۆ سەگەکان بگریم، من بۆ ئەو مرۆڤانە دەگریم کە خۆشحاڵن بە ئازاردانی ئەو سەگانە، مرۆڤ چۆن دەبێت ئەوەندە بێ بەزەیی بێت سات بە سات چاوەڕێ بێت یەکێك لەو سەگانە ئەوی تر بە تەواوەتی بتۆپێنێت، تا ئەم بەهێزتر چەپڵە لێبدات! من تێبینی شتێکی ترم کرد، کەس ئاگای لێ نەبوو! چون خەڵکەکە هەموی تەرکیزی لای سەگەکان بوو، بەڵام لە پشتەوە چوار پێنج نەفەر بەربونە گیانی یەکتری! جارو بار کەسێك سۆزی بۆ سەگەکان دەجوڵا، دەیگوت کاکە باشە ئیتر با شەڕ نەکەن! بەڵام بێ ئاگا لە پشتەوە سەری چەند کەسێك شکاوەو کەسیش نی یە ناوبژیان بکات!

# تێڕامان

ئێمە چون کۆمەڵگەیەکین بەردەوام لەناو ستەم و ستەمکاریدا بوین، هەتا خوێندنەوەش بە چێژی خوێن لەگەڵی دەبین، یانی کەسێك سەردێڕەکە دەخوێنێتەوە، یەکسەر چاوەڕێی ئەوەیە عومەر عەلی دو فیشەکی بەرکەوتبێت و هەمو گیانی خوێناوی بێت، چاوەڕێیە بە دو دێڕ بیخەمە مشتی کە ئەمجارە مامۆستا کرێکار دژە تیرۆر گرتی، ئیتر تەواو دەنگی جارێکی تر نابیسترێتەوە!

نازانم بوچی وا چێژ لە ئازارەکانی یەکتری وەردەگرین! ئێمە رۆژانە تیرۆر دەکرێن، هەیە بە جەستەو هەشە بە رۆح، هەشە بەو هەستانەی زۆر لە خوێن گرانترە.

سەیری قورئان دەکەم کۆمەڵێك تاوانی ئێجگار کەم سزای بۆ دانراوە، من هەزاران تاوانی تر دەبینم، نەك لە کوردستان هەڵە بیرمەکەنەوە، ئەم نوسینانەی من دژی حیزب و سستمی وڵاتانی خۆمان نی یە، تاوانەکان ئێجگار زۆرن، قورئان کۆمەڵێکی کەمی وەك بنەما سزای بۆ داناوە، فێرمان دەکات ئەمانە ئەساسن و سزای دونیایی هەیە، زۆر شتی تریش هەیەو سزای قیامەتی بۆ دانراوە.

رۆشتم بۆ سویسرا، چێژم لە جوانیەکانی ئەو وڵاتە دەبینی، لە بەرزاییەکەوە سەیری دیمەنی روبارو شاخ و کێوەکانم دەکرد،

بە هەرلایەکدا لام دەکردەوە سروشتەکە پێناسەی خوای گەورەی بۆ دەکردم، دارەکان کە دەلەرینەوە دەنگی (**الله اكبر**)م بەرگوێ دەکەوت، روبارەکە کە شەپۆلی دەدا وێنەی (**لا اله الا الله**)م دەهاتە پێش چاو، وتم زۆر باشە ئەم ڵاتە، خۆزگە وڵاتی خۆشمان بەم شێوە تەرتیب بکرایە، لەو بیرکردنەوەدابوم، لە پشتمەوە شڵپەی سەیارەك هات! بەچاوی خۆم دیتم کابرایەك سەیارەکی ئیبادەکرد، وتم سەیر، چوون ئەمە وڵاتی قانونە ئێستە دادەبەزێت و خاوەن سەیارەکە دەدۆزێتەوەو حەقەکەی بۆ دەگەڕێنێتەوە!

نەخێر بە پێچەوانەوە! بە توندی پێی لە بەنزین هەڵگرت و سێ چوار موخالەفەی تریشی کردو هەڵهات.

بۆم دەرکەوت ئەمانە یاسا گرتونی، ئەگەر چاوی یاسایان لێ دور بێت یەکسەر دەیخەنە گێڕی پێنج و پێی پیا دەنێن.

رۆژانە من بەچاوی خۆم ئەم دیمەنانە دەبینم، خزمێکمان منداڵەکەی کەمێك ئەسمەرە رۆژێك هاتەوە لە قوتابخانە دەگریا! وتمان چی بووە؟ وتی ئیتر نارۆم بۆ قوتابخانە! ئەوان حەزیان لێم نی یە، وتیان مامۆستا لەگەڵمان وەرە تۆ زمانەکەت باشە، سبەی رۆشتین تا کێشەکە چارەسەر بکەین، دیمان ئەم کچەیان لەپاڵی ڕەش پێستێك داناوە، وتم بە مامۆستاکە لە دینی ئێمەدا رەش و سپی جیاوازی نی یە، رقمان لەو رەشە نی یە،

بەڵام بۆ لەم پۆلەدا تەنها رەشێك و ئەسمەرێكی تێدایە لەپاڵ یەك داتان ناون؟

پۆلەكە ٣٠ قوتابی دەبو، وتم با هەریەك لەوانە لای سپی پێستێك بن، با هەست نەكەن جیاوازیان هەیە، ئێوە دەبێت كاریگەریتان لەسەر ئێمەش و شەقامیش هەبێت.

## گریان بۆ ئەم كۆمەڵگە

لە مێشكمدا چەسپیوە ماڵمان تازە رۆشتبووە زەڕایەن (وارماوا) سەردەمی بەعس، هاوڕێم نەبو منداڵانیش گەلەكۆمەیان لێ دەكردم، ئەوان زۆر بون چارم نەدەكردن، رۆژێك بۆ قوتابخانە دەڕۆشتم لە رێگە گرتمیان و تێروپڕیان لێدام، هەر ئەسڵەن خستمیانە ناو جۆگەلەو قوڕاوەكە!

بە پەلە پەل، هەر بە قوڕاوەكە تۆزێك خۆم پاك كردەوە، تا لە بەشەر بچم، بەهۆی ئەمەوە لە قوتابخانە دواكەوتم، كە خۆم كرد بە ژوردا مامۆستا وتی وەرە بۆ كوێ دەچی؟ ئادەی دەستت بكەرەوە تۆ دواكەوتویت، ٤ داری بە هێزو قوەتی خۆی پیا كێشام، بە والله ئێستە كە گەشتم بە ئێرە دەستم چوزایەوە، تۆزێك وازم لە كیبۆردەكە هێنا!

بواری نەدا رونكردنەوەی پێ بدەم؟

کوتەکەکەی بە دەستەوە بوو، یەکسەر عقوبەی دام! تا قوتابخانە تەواوبو نەموێرا بڕۆمە ساحە، چۆن منداڵەکان گاڵتەیان پێ دەکردم کە بیان دیایە چیم بەسەرهاتووە، چون لەبەر لیدانەکە تێبینی جلەکانیان نەکرد، کە گەڕامەوە هەر لە کۆڵانەکەی خۆماندا خزمێکمان وتی ئا وەرە خوێڕی؟ بۆ ئاوایان لێ کردویت؟ ئەویش نوکە شەقێك و شەپازلەیەکی پیا کێشام، گە گەشتمە ماڵیشەوە یەك دوو چەپۆکی ترم خوارد، دواتر لاڵامەوە توخوا قسە نەکەن بۆ باوکیشم کە گەڕایەوە.

ئەو رۆژە ٤ جار تێهەڵدانم خوارد، هیچ کەس بواری نەدا رونکردنەوەی بۆ بدەم، ئەسڵەن بواریشیان بدایە من بەو منداڵیە چۆن قەناعەتم بەوان بکردایە؟!

شەو بەتانیەکەم خستە سەر سەرم و لە ژێرەوە دەستم کرد بە گریان، گریان بۆ ئەو منداڵانەی کە بە پەروەردە نەکراون! پێیان نەوتراوە کە هەرکەستان لە کۆڵان دی با نەشی ناسن با عەرەبیش بێت، ببن بە هاورێی. نەك تێهەڵدان!

گریان بۆ ئەو مامۆستایەی کە من پەروەردە دەکات، ئەوە ئەو وایە دەبێت من چۆن بم، گریام بۆ خزمەکەم، ئاخر من زوڵمم لێکراوە...

بۆ پێم دەڵێ خوێڕی، مانای خوێڕیم بە تەواوەی نەدەزانی بەڵام دەمزانی خراپە! ئێستە ماناکەی تێدەگەم بە واللە‌ی فرمێسك بەچاوما دێتە خوار، ئاخر چۆن نەیەتە خوار،

گەورە چۆن دەبێت ئەو وشانە بەکار بهێنێت، بەرانبەر کێش؟ منداڵێکی بێ تاوان! دەگریام بۆ ماڵەوەش خۆ لە خۆیدا ئەوان دڵسۆزن، ئەی بۆ ئەوانیش دیسان لێیان دام، نەخێر هەرباشە باوکیشم نەیزانی، تاوامکردو جوڵام زانیان نەخەوتوم، توڕەبون و وتیان بتۆپە! ئەوە نیوە شەوە.

## چ گەلێکین!

چاکسازی کۆمەڵگە لە یەك کەسەوە دەست پێناکات، هەمومان بەرپرسیاریەتیمان لەسەرە، هەمومان رقمان لەیەکتریە، حەز بە سەرکەوتنەکانی یەکتر ناکەین، کورە ئەی هاوار هاوپیشە رقی لە هاوپیشەکەی خۆیەتی، مامۆستا رقیەتی لە مامۆستا، دکتۆر رقیەتی لە دکتۆر، مەلا رقیەتی لە مەلا، هەمووی بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنت هەوڵی سڕینەوەی بەرانبەرەکەی دەدات. خزمی خۆم وتویەتی ئەوە عومەر عەلی چۆن دکتۆرای هێناوە! ئاخر من چۆن! تۆ تێبگەیەنم (٢٠) ساڵە تۆ ئاگات لە من نیە، نازانی چەند بەدبەختیشم کێشاوە، نازانم ئەسڵەن بۆ دکتۆراش گەورە کراوە! بە واللە تەفەروغی بۆ وەرگرم هەموو سێ مانگ جارێك دەتوانم دکتۆرانامەیەك بنوسم.

# گرنگی حەرام و حەڵاڵ

لەوانەیە ناحەقیشی نەبێت، ئاخر زۆر هەیە بەناوی دکتۆرەوە ستەم دەکات، من سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە لە قورئاندا فێری کردم ریبا حەرامە، ئەو حەرامە گوڕی پێدام، وەك کارەبا هەمو جەستەمی خستە ئیش، ریبام قبوڵ نەکرد، لەگەڵ زانکۆدا کارم دەکرد، لە شەو و رۆژێکدا(٤) کاتژمێر دەنوستم، ئەویش بە پچڕ پچڕ، هاوڕێکانم کەیف و سەفایان دەکرد، قەرزی بانکیان کردبو، ئەوان شەممەو یەك شەممە دەڕۆشتن بۆ دیسکۆو منیش بۆ سەرکار، ئێستە هەمومان تەواومان کردوە، بەڵام ئەوان یەکی(١٠) دەفتەر قەرزدارن و دەبیت تا مردن قەرز بدەنەوە، منیش سوپاس بۆ خواو دووهەم بۆ قورئان.

## هاوڕێیەتی!

لەگەڵ ئەوەشدا هەر بۆ ئەوەی بژین دەبێت موجامەلەی درۆ بکەین، هەر بڵێن باشین، خوا خراپی خراپتر لابدات.

هەرگیز لەیادم ناچێت، محمدی کوڕم لە مەکتەب گەڕایەوە، وتی: منداڵەکان شەڕم پێ دەفرۆشن! میوانێکمان هەبو پێش وەڵامی من کەوت! وتی: هەرکەس شەڕی پێفرۆستی بدە بە ناوی دەمیا، یەکسەر برۆ شکاتی لێ بکە، لە دڵی خۆمدا وتم ئەی هاوار ئێستە من نازانم محمد تێبگەیەنم یان تۆ! محمد خۆی وەڵامێکی دایەوە، ئێستەش لەناخەوە دەمگرێنێ، بە گزۆڵیەکەوە، وتی: ئاخر ئەگەر وا بکەم کەس نابێت بە هاوڕێم!

ئێمە بەم شێوەیە هاوڕێیەتی یەکترمان لە ناچاریدا قبوڵ کردوە، بۆیە لە تەنگانەدا پشت دەکەین لە یەکتر، چون ئێمە هاوڕێی راستەقینەی یەکتری نەبوین، ناچار بۆ ئەوەی یاری بکەین بە یەکەوە یەکترمان قبوڵ کردوە.

# ئەوروپاو پێکەوە ژیان!

پێکەوە ژیانی ئەوروپاش وایە بۆیە کۆمەڵگەیان لەیەك دابڕیوە، کەس سیقە بە کەس ناکات، ئەسڵەن سستمەکەش دەڵێ نابێت سیقە بکەیت، رۆحیەتی هاوکاریشت لێ دەسەنێتەوە، ئەمە قسەی کتێب و ئەفسانە نی یە عەزیزانی من، ئەمە قسەی حەقیقەتێکە کە بەهەردو چاوی خۆم دیومە، لە بازاڕی ئەکسپرێدجا لە لەندەن، پیاسەم دەکرد، بینیم پیرەژنێك کەوتوەو خەڵتانی خوێن بوە، کەسێك دەستی بۆ درێژنەدەکرد تا ئەمبولانس هات، ئەڵبەت ماوەیەکی زۆریش بەدیاریەوە وەستام و پێش خۆشم نازانم چەند بو لەوەێ کەوتبو.

بە ئەم دوچاوانەی خۆم لە شاری پیتەبەرۆ لای کتێبخانەکەدا، دیم دوکەس شەڕیان دەکرد، دیاربو سەرخۆشن! شەڕەکەیان لە بێ ئاگایدا بو، چون دیاربو رقیان لەیەك نەبو، بەجارێك سەد کەس وێنەی دەگرت و تەسویری دەکردن، ئەوان فرمێسکی ئازاریان دەچەشت، جەموریش فرمێسکی خۆشی، یەکسەر تەلەفۆنم کرد بۆ پۆلیس کە حاڵەتێکی وا هەیە، پۆلیس وتی رەشن یان سپی! توخوا عەزیزان ئێوە خۆتان بخەنە جێگەی من، ئەم پۆلیسە من چۆن تێی بگەیەنم؟ لەم حاڵەتە ئەمرجنسیەدا، ئەوە کەی پرسیارە! وتم سپین! وە دیاریشە شەڕەکەیان شەڕی راستی نییە،

بەڵام بە راستی یەکتریان کوشت، زۆری پێ نەچو هێزی پۆلیس وئەمبولانس و تەواو حکومەت هات، گەر دین و ویژدانم رێگەی پێ بدایەم دەمگوت رەشن! تا هێز نەهاتایەو بە تەواوەتی یەکتریان بکوشتایە.

## کارەساتەکەی نیوزیلاند

کە وڵاتانی ئیسلامی پارچەپارچە کرا لەبەر دینەکەی بو، نەك شارستانیەتەکەی، ئێستە شارستانیەکەشی بوە بە مەدحەف و لە دونیاوە سەفەریان بۆ دەکرێت، نمونە ئەندەلوسی ئێمەو ئیسپانیای ئەوان، دینەکەش بە تەواوی دونیادا بڵاو بویەوە، ئەم هێرشەی نوزیلاند ئەنجامی رقێکی پەنگخواردوە بەرانبەر دینەکە، ئەو دەڵێ دین بەینی خۆت و خوایە! کە دەرۆی نوێژ بکەیت، دێت دەتکوژێت! ناهێڵی لەگەڵ خواش قسە بکەیت.

دین لە هەمو لایەکەوە دونیای تەنیوە، تازە بە هیچ رێگری لێ ناکرێت،پەیجێکی فەیسبوك رۆڵی مزگەوتێك دەبینێ، مەوقعێکی ئیسلامی شۆڕشێکی رۆحی لە روسیای سپیدا بەرپا دەکات، تەکنەلۆژیەك بەرهەم هاتوە، مسوڵمانان سودمەندی یەکەمن تا ئێستە تێیدا تا ئەوروپیەکان، ئەوان پارەی پێ پەیدا دەکەن وەك فەیسبوك، ئێمە دینەکەمان.

ئەو چەند دێرە بۆ وەڵامی کارەساتەکەی ئەمرۆ بو! ٢٠١٩/٠٣/١٥

# وردبینی

کە دەگەڕام بە شارو گوندو کوچەو کۆڵانەکانی ئەوروپاو وڵاتانی سۆڤیەتدا، هەروا دەمبینی زۆرکەس سەگی پێ یە! یەکێ جلێکی کردوەتە بەری و وەك منداڵ لەباوەشی گرتوە، یەکێ لە عەرەبانەدا پاڵی پێوە دەنێ، یەکێ پەتی کردوەتە ملی و ڕایدەکێشێت، سەرم سوڕ دەما!

هەشبو سەگەکە ئەوی رادەکێشا، ئەمەیانم بەلاوە جوان بو! چون سەگ بۆ خزمەتی مرۆڤ دروستکراوە نەك بە پێچەوانەوە!

دواتر قوڵ بومەوە لە ژیانیاندا، سەیر دەکەم حەفتانە (١٠٠) دۆلار بۆ ئەم سەگانە سەرف دەکەن، بەڵام بڵێ دینارێکم پێ بدە دەینێرم بۆ هەتیوی وڵاتەکەم دەڵێ: بڕۆ بێ مێشك! من نامەوێت چاکەکانیان بشارمەوە، دەمەوێت وەك خۆی دەری بخەم، مرۆڤایەتیان ئێنجار زۆرە بەڵام بەراورد ناکرێت بە مسوڵمان، ئێمە لەگەڵ ئەوەی خۆشمان نیمانە، لە دەمی خۆمان دەگیرنەوە بۆ هەژار، بەڵام چون ئیعلامەکان بەردەوام ناشرینمان دەکەن، ناشرینیەکانمان زەقن، بەڵام جوانیەکان شاراوە، ئەوان یەکێ سەگێ لە جادەیەکەوە دەپەڕێنێتەوە دەبێتە سەرباسی راگەیاندنەکان، بەڵام ئێمە مرۆڤێکیش رزگار بکات وەکو خۆی و لەکاتی خۆیدا باسناکرێت، ئیسلام جوان پەروەردەمان دەکات لەوەی چاکەکان بڵاوە پێ بکەین و خراپەکان بشارینەوە، هەتا ئەگەر تاوانێکی گەورەشت کرد هەوڵ بدە با کەس نەزانێت، زانینی خراپە پشێوی زیاتر دروست دەکات،

فەلسەفەی ئیسلامیش زۆر جوانە دەڵێ بیشارەوە، ستری بکە، ئەگەر ئەوە بکەیت ئومێدیش زۆرە خوای گەورەش لەو دونیا هەر بیشارێتەوە بۆت، تۆ سەیرکە لە ئیسلامدا دەڵێ کەسێ مرد باسی چاکەکانی بکەن، ئێمە کە مردویشە رۆژی هەزار گو دەکەینە قەبرەکەی، هەر رۆژەو جوێنێکی تازە دەدەین بە مردوەکان، کورد دەڵێ شەیتان وازی لێهێناوە ئێمە وازی لێ ناهێنین.

دەگەڕێمەوە سەر باسی سەگەکانی ئەوروپاو وڵاتانی سۆڤیەت، ئەی خوایە ئەمە چ میهرەبانیەکە وا دەکەن بۆ ئەم سەگانە، نەخێر زۆر پێچەوانەیە، ئەوە نەمانی میهرەبانیە لەناو کۆمەڵگەداو گەڕانە بەدوای میهرەبانیدا، تەمسیلێکی سەناعەو ناچاریە، ئاخر چۆن دەبێت سەگ جێگەی مرۆڤ بگرێتەوە؟! بەڵێ دەشبێ بۆ نابێت ئەوەندە خیانەتیان لەیەك کردوە بێزاربون لەیەك، سەگەکە زۆر باشترە، چون ئەو زمانی نیە هەستەکان دەربڕێت، هەرکەس نانی بداتێ کلکە لەقەی بۆ دەکات، ئەویش ئەو لەقینە بە ئارەزوی خۆی تەفسیر دەکات، دەڵێ ئەوەتا سەگەکە زۆر منی خۆش دەوێت، ئەوەتا دەملێسێتەوەو کلکە لەقەم بۆ دەکات! چون ئەسڵەن ئەوان هەر کلکە لەقەیان دەوێت، مرۆڤ مرۆڤە خۆ سەگ نی یە بەپێی مەوقیفەکان دەگۆڕێت، چۆن نەگۆڕێت من یەکێ ببینم قسە بەخواو پێغەمبەرو موقەدەساتم بکات و دانیشم پێ بکەنم، بەڵێ دەشکرێت پێ بکەنم، بەڵام بە ئەقڵی ئەو نەك بە قسەکەی!

کە مرۆڤەکان فەراغی حەقیقی رۆحی و جەستەی بۆ پڕنەکردینەوە، ئەوسا پەنا بۆ سەگ، پشیلە، نێرکەر، ماکەر، مار، جرج، مشك، بەچکە ورچ، چەندین هەتا حەیوانی دڕەندەش دەبەین، بەهەزاران منداڵ سەگەکان خواردونی و زامداری کردون ئەمانەمان بۆ باس ناکەن، ئەم چیرۆکانە زۆرن بەڵام نادرێنە راگەیاندنەکەان!

**ئاخریەك تۆز بیربکەنەوە سەگ لە کوێ و مرۆڤ لە کوێ! مرۆڤ ئەگەر مرۆڤ بێت تەنها بە نان دەتوانێت سەدان سەگ بهێنێتە کلکە لەقە، بەڵام نابێت خۆی بۆ نان کلکە لەقە بکات!**

ئێمە رەزاقی خوامان لەبیر کردووە، داوای رزق لە مرۆڤە بچوکەکان دەکەین، بۆیە ئەوانیش بە هەزار شێوە رەزیلمان دەکەت، وەك سەگەکان دەبێت لە دەوریان بسوڕێینەوە، تا پەرچە نانێکمان بۆ فڕێ بدەن، عەرەب دەڵێ سەگەکەت برسی بکەیت لە شوێنت دێت، ئەوانیش ئەو فەلسەفە پەیڕەو دەکەن، خۆ ئەوان بۆ سەگ وایان وتوە نەك بۆ مرۆڤ، بەڵام ئەوان لە مرۆڤدا پەیڕەوی دەکەن.

خوا دەفەرموێت رزق لە ئاسمانە **(وَفِي السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ)**[1] دەبیت تۆ چاوت لە ئاسمان بێت بۆ ئەوەی هەردەم سەرت بەرز بیت، ئێمە سەرمان شۆڕەکەینەوە بۆ سەر زەوی، بۆیە بەردەوام سەرمان شۆڕە.

## ئەنجامی پشت بەستن بەخوای گەورە

لە لەندەن قوتابی بوم، وەزعم زۆر خراپ بو، گرفتار بوم بۆ ئیش، سەرم بە هەمو کونێکدا دەکرد، دەمگوت ئەگەر فەڕاشیش بێت دەیکەم، بەس حەڵاڵ بێت، هاوڕێم هەبو تەلەفۆنی دەکرد داوای دەفتەری لێ دەکردم! منیش خەمی کرێی خانو و تێچوی هاتوچۆی کۆلێژ بوم، دوای ماوەیەکی زۆر کارێکم دەستکەوت لە سامساوتن، کە لە دەرەوەی لەندەن بو، دەبو هەمو رۆژ بڕۆم و بگەڕێمەوە، کە رۆشتم لە رێگە کەسی ترم لەگەڵدا بو، وتیان ئیشەکە بەرازی تێدایە، منیش کە گەشتمە ئەوێ وتم دانابەزم نایکەم، تکای دونیایان کرد بەس ئەو رۆژە بیکەم! وتم ئەرز بدات لە ئاسمان لەسەیارەکە دانابەزم، من مسوڵمانم پارەی بەرازم ناوێت، نە ئەو قەناعەتی بە من کرد، نە منیش توانم قەناعەت بەو بکەم، وتیان ئیتر تەواو،

[1] الزاريات ٢٢.

تۆ مادام ئیشەکەت رەفزکرد برۆ، خوا حافیزت بێت، ئیشی تریشت پێ نادەین.

منیش روم کردە ئاسمان ئەم ئایەتم وت: **(وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ)**[1] وتم خوایە گیان ئەوە ئایەتەو لە قورئانەکەی تۆدا دەرم کردوە، کە دەفەرموێت هەرکەس پشت بەتۆ ببەستێت تۆی بەسە بۆ پشتیوانی، وتم قەسەم بەخۆت بمرم من ئەم ئیشانە ناکەم. قەسەم بەخوا عەزیزانی من، دوای ئەو پشت بەستن و تەوەکولە، کارێکم دەست کەوت هەتا ئێستەش من بەرەکەتی ئەو پارە دەخۆم کە لەو ئیشە دەستم کەوت، پارەکەش زۆری وا نەبو، بەڵام ئەوە نزیکی (١٧) ساڵی بەسەردا چوەو من بەرەکەتی ئەو پارەم لێ نەبراوە، قەناعەتی کولیشم هەیە تا خەلەل نەکەوێتە ئەو تەوەکولە من هەر نانەکەی دەخۆم، زۆرکەس دەبینم یەکسەر تەنەزول ئەکات، لە ئەوروپا دەڵێ ئێ چی بکەم خۆ ئیش نی یە، کورە چۆن نی یە! بەڵام ئارام بگرە، زو تەسلیمی شەیتان مەبە! لە کوردستان زو پێڵاوی نەخوێندەوارێك ماچ دەکات، خۆ توانای هەیەو گەنجیشە بەڵام بۆ ئەوەی ئیسراحەت بیت درۆ لەگەڵ ناخی خۆیدا دەکات.

---

[1] الطلاق ٣.

وتیان وەرەوە بۆ کوردستان و تۆ خاوەن شەهادەیت و ئیختساست ئینگلیزیەو کوردستانیش ئینگلیزی پێویستە وتم باش، وتیان با فیزت زل نەبێت و داوای پۆست مەکەو خزمەتی شارەکەی خۆت بکە وتم باش، وتیان مەڵێ ئەمە پەیمانگایەو زانکۆ نی یە قبوڵی بکە وتم باش، وتیان تۆ زیرەکیت و ئەم مادانە بڵێرەوە ئیختساسی خۆشت نەبێت وتم باش، ئەوەی پەیوەست بو بە خزمەتەوە هەمویم قبوڵ کرد، دواتر وتیان بڕۆ بۆ لای فڵانە مەسول تا واسیتەت بۆ بکات! وتم نەخێر.

وتیان ئاخر هەر یەك ئیمزای ماوە، ئەوەتا مامۆستاکان خۆشیان دەوێیت، قوتابیەکان سوێند بەسەرت دەخۆن، خۆپیشاندان دەکەن بۆت، وتم هەمو دونیا خۆشی بوێم گەر خەلەل بخاتە ئەو تەوەکولە من نایکەم، من تام و چێژی ئەو تەوەکولەم کردوە، روم کردەوە ئاسمان و هەمان ئایەتی پێشوم وت، من مەسولی خۆم دەناسم، پێشتر ئیشی بۆ کردوم، ئیشم بە کەسی تر نی یە، پێم ناخۆش بو رێگربون لە خزمەت، بەڵام ئەوان منیان ناچارکرد، من تەنەزولی دونیای خۆم کرد، بەڵام ئەوان داوای تەنەزولی قیامەتیشیان لێکردم، هەر ئەو رۆژە سیڤیەکەم بۆ زانکۆیەکی دەرەوە نارد، سبەی تەلەفۆنیان کرد وتیان وەرە ئیش بکە،کە رۆشتم وتیان دەبێت چاوپێکەوتنت لەگەڵ بکەین،وتم ئامادەم لە چاوپێکەوتنەکەدا وتیان ئێمە ئەم ئیشە بەتۆ نادەین کە داوات کردوە، منیش وتم زۆر ئاساییە، وتیان هەڵە تێمەگە توانای تۆ لەوە زیاترە پۆستمان بۆ تۆ داناوە،

دوای ئەوە دەستم کرد بە ئیش و چەندین ئیشی تریش دوای ئەوە.

براو خوشکە عەزیزەکانم، من ئاوا سەیری قورئان دەکەم: ئەگەر ئیبراهم علیە السلام تەسلیمی ئەمری خوا نەبوایە بە تەواوەتی، خوای گەورە مەڕی بۆ نەدەنارد! دەبو لەبری خۆشی کردن و گۆشت خواردن شینیان بۆ ئیسماعیل بکردایە، ئێمە تەسلیمی ئەمری خوا نابین بۆیە کوڕەکانمان دەبنە قوربانی!

## هەڵوێستەیەك

کە مرۆڤەکان ئەم هەمو پۆخڵەواتانە لە نیوانیاندا رودەدات، سەگێك دەکەن بە جێگرەوەی مرۆڤەکان، زەواج لەگەڵ سەگ، کەر، پەیکەر دەکات! لە صین ئێستە ئافرەتی پلاستیکی دروست دەکەن بە سلیکۆن، جلی لەبەر دەکەن و سوراو و سپیاوی بۆ دەکەن و قنج و قیت و جوان، پیاوەکان دڵی پێ خۆش دەکەن، چون لە ماڵ داینا ناڕواتە دەرەوە، وەك ئافرەتی بەد رەوشت کە رۆشتە دەرەوە خیانەت ناکات! رۆژی سەد بیانوی نابەجێ ناگرێت و سەد جۆر جل ناکرێت و نەشیکاتە بەری! بە دو دەست جلەوە بەساڵ هەڵ دەکات! داوای تاقمی قەنەفە ناکات و هەرکەسیش لەسەر دانیشت بە گسکەکەی پێیدا بکێشێت! هەر رۆژەو مۆدیلێکی پێ ناگۆڕێت بە بیانوی ماڵی فلان، هەزار جۆر قاپی شیشەی پێناکڕیت بۆ جوانی و کەسیش بۆی نەبێت نانێکی تێدا بخوات.

ئافرەتەکەش لەگەڵ سەگەکەدا زیاتر ئاسودەیە، چون سەگەکە لەبەردەمیدا ئاقڵ دادەنیشێت، خۆ گەر ویستی بڕوات بە پارچە گۆشتێك هەم دەیخەڵەتێنێت تا قسەی دڵی خۆی بە تەواوی بکات.

عەزیزانی من، ئەمەی من باسی دەکەم حەقیقەتە نەك رۆمان، زیاتر لە (٢٠٠٠) کتێبم خوێندوەتەوە تا ئێستە رۆمانێکم نەخوێندوەتەوە.

بەچاوی خۆم دیومە ئافرەتەکە سەگەکەی کردوەتە کۆشی و دەیگوت: هەلەو شیرینەکەم، سەگەکەش زمانی دەردەهێناو ئافرەتەکە حەزەکەی ناخی دەکردە وەڵامی سەگەکەو وەڵامی خۆی دەدایەوەو دەیگوت: هەلەو دڵەکەم.

ئافرەتەکە: ئەمڕۆت چۆنە باشە هەهە.

ئافرەتەکە لەبری سەگەکە: بەڵێ زۆر خۆشە مەگەر من لەگەڵ تۆ نیم!

ئافرەتەکە: قوربانی تۆ بم دڵە شیرینەکەم!

ئافرەتەکە لەبری سەگەکە: وا مەڵێ گیان من قوربانی تۆ بم.

ئافرەتەکە: کورە تۆ هەرچی کەسی منیت و کەسم نی یە تۆ نەبێت.

ئافرەتەکە لەبری سەگەکە: کورە ئەم دونیا بەبێ تۆ هیچ مانایەکی نی یە.

ئیتر بەو شێوە هەرچی لەناخیدا بوایە لە سەگەکەدا خاڵی دەکردەوە، جا چیش خۆش بو دوای ماوەیەك بینیم سەگێ تری پێ بو! وتم کوا سەگەکەی پێشو خۆ زۆر چاك بو!

ئەڵبەت من لە دڵی خۆمدا گاڵتەم لێ دەهات، بەس وەك وتم ئەم موجامەلانە بۆ ئەوەی بژین پێویستە!

وتی: نا ئەو سەگی پیسە! فێرببو گوی دەکردە سەر قەنەفەکان و لە جێگەکەی خۆیدا نەیدەکرد، وە قەپیشی دەگرت لە پەردەکان.

چیرۆکی سەگ و مرۆڤەکان تەواو نابێت مەگەر بیکەم بە دکتۆرا نامەیەك!

نا نا ببورن ئەوە ناکەم چون قەومی خۆمان زۆر بێ ویژدانن لەمەداو دواتر ناوەکەم ناشرین دەکەن!

کورە ئەی هاوار لەقەبێکی ناشرینیان پێوە لکنادوە، ئەویش دواتر مزگەوتێکی دروست کردوە لەقەبە ناشرینەکەشی ناوە بە مزگەوتەکەوە **(مزگەوتی فلانی + لەقەبەکە)** لە قورئانیشدا هاتووە **(وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ)**[1] لەقەبی ناشرین مەنێن لەکەس، هەزارەها پیاوی چاکیان بە لەقەب ناشرین کردوە، ئاخر عەزیزانی من، ئەوە قورئانە وا دەڵێ: سەیری ئێمەش بکەن چ دەکەین!

[1] الحجرات ١١.

ئاخر بۆیە دەوترێت مەزهەب چوارەو کوتەك پێنج، تۆ رەئی ٤ مەزهەبت قبوڵ نەکرد بەخوا مەگەر بە کوتەك بی دەنگ بکرێت، ئیسلام دینێکی واقعیە، ژیر بیت ژیرانە مامەڵەت لەگەڵ دەکرێت، کەریش بیت دەبێت ببەسترێیتەوە، چون کەر کە بەرەڵات کرد دەکەوێتە ناو زەرعاتی خەڵك، جوتە لە منداڵ دەدات، شارستانیەت ناشرین دەکات، بەداخەوە جۆ دەدریت بە کەرەکان تا هارتر بن! مرۆڤەکانیش برسی دەکرێن!

## دژە تیرۆرو پرسیارەکان

دژە تیرۆر: کرێکار دەناسیت؟

عومەر عەلی: بەڵێ زۆر بە باشی دەیناسم.

دژەتیرۆ: چۆن دەیناسیت؟

عومەر عەلی: ئێمە خانەوادەیەکی یەکیەتی بوین لە کوردستان، سەیری کەناڵەکانی یەکیەتیمان دەکرد، منداڵ بوم حەزی دینیم هەبو، نوێژم دەکردو قورئانم دەخوێند، ئێوارەیەك دیتم لە کەناڵی گەلی کوردستان بو وا بزانم، بەرنامەیەك بەناوی دۆسیەی هەفتە ئەوەندەی لەبیرم مابێت، ریکلامی کرد بۆ کرێکار بە شێوەیەکی زۆر پرۆفیشناڵانە ناساندنی، وەك کەسایەتیەکی گەورەو شارەزاو پسپۆڕ،

ئەویش بە جلێکی کوردی و جامانەوە هاتە سەر شاشە، بۆ ئێمە شۆك بو، خەڵکی زۆر لە دەور کۆبویەوە، بە تامەزرۆییەوە گوێمان بۆ دەگرت، ئیتر ئەوە بو بە سەرەتای ئاشنایەتی، ئەو بەرنامە چەند حەفتەیەك لەسەر یەك لەگەڵی کرا، کاسێتەکانیشی لەناو خەڵکدا هەر دەست بە دەستی پێ دەکرا، ئەوکات وەك ئێستە ئەنتەرنێت نەبو، جارێکیش لە هەڵەبجە بوم وتیان ئەمڕۆ کۆڕی مامۆستا کرێکارە، من هێشتا منداڵ بوم، ڕۆشتم لە دوای دواوە لە دورەوە دیتم، لام خۆش بو، چون پێشتر لە تەلەفزیۆندا دیتبوم، ئێستە کە سەتەلایت هەیەو ئەنتەرنێت هەیە ناساندنەکان ئاسان بوە، هەرکەست بوێت بە دو کلیل لە ئەنتەرنێت دێتە بان.

دژە تیرۆ: بۆ کە پرسیار لە زۆر کەس دەکەین دەڵێن نایناسین، گەروا ئاسانە؟

عومەر عەلی: ئێمە کۆمەڵگەیەکی سەرکوت کراوین، هەرکەس هاتوە هەر تۆقاندوینی، ناوێرین قسەی دڵی خۆمان بکەین، بە نایناسم و نازانم لە کۆڵی خۆمانی دەکەینەوە.

دژە تیرۆ: ئەی تۆ چۆن ئاوا بە ئاسایی و زۆر بە سادەیی بەبێ زەخت دەڵێی دەیناسم.

عومەر عەلی: من کەسێکی هەم شارەزام لە بواری دینداو بڕوانامەی لیسانسم هەیە، هەمیش پسپۆڕیم لە بواری زمانی ئینگلیزیدا هەیە، زۆرجار هەر لە هەواڵە ئینگلیزیەکانیشدا بینومە، بۆ نمونە لە راپۆرتێکیBBC

جارێکیان دیم، بە عەیبەی دەزانم بۆ خۆم کە زانیاری گشتیم نەبێت و لە بوارەکەی خۆشمدا قوڵ نەبێتمەوە، بۆ نمونە: من پرسیار لە تۆ دەکەم، ئەم زانایانە دەناسیت؟

**Michael Lewis**

**Stephen Krashen**

**Jeremy Harmer**

تەنها وەك نمونە دەیڵێم؟

دژە تیرۆ: نازانم ئەو کەسانە کێن!

عومەر عەلی: گومانم دەکرد کە نەزانیت، چون تۆ کەسێکی لەبواری ئەمنیدا کار دەکەیت، گەر پرسیاری کەسە باڵا ئەمنیەکانم بکردایە حەتمەن دەتزانی.

دژە تیرۆ: هههه راستە، ئیتر هەرکەسەو بە پسپۆڕی خۆی، بەس سەرنجت راکێشام بۆلای ئەو ناوە ئینگلیزیانە ئەوانە کێن؟

عومەر عەلی: ئەوانە من کتێبەکانیانم خوێندوەتەوە لە بواری ئینگلیزی و ئەدەبی ئینگلیزی و تیۆرەکانی وتنەوەی زمانی ئینگلیزدا، هەتا توێژینەوەشم لەسەر تیۆرەکانی ستێڤن کراشەن کردوە، چون یارمەتی دەرم بوە بۆ قوڵ بونەوە لە بوارەکەدا.

ئێستە من کە ئینگلیزی بڵێمەوە، جوانترو ئاسانتر دەزانم خەڵك فێری ئینگلیزی بکەم.

دژە تیرۆر: بەڵام باسی مولا کرێکارت نەکرد کتێبی ئەویشت خوێندوەتەوە؟

عومەر عەلی: بەڵێ کۆتا کتێبی ئەو خوێندمەوە نزیکی (١٠٠٠) لاپەڕە بوو، سودم لێ وەرگرت، لە بواری شەرعدا بو، زۆر بە قوڵی رۆشتبویە ناویەوەو بە وردی بەراوردکارانەی کردبو

دژە تیرۆر: ئەو کتێبانە باسی چی دەکات یاساغ نییە؟

عومەر عەلی: نا یاساغ نییە، باسی شەرع دەکات وەك زانایەك و پسپۆڕێکی شەرعناس،

وەك چۆن سودم لە: **Jeremy Harmer**

وەرگرتوە بۆ نمونە: لەویش وەرگرتوە، جگە لەوە ئێستە تەکنەلۆژیا سنوری نوسراوی یاساغی نەهێشتوە، هەرچیت بوێت ئۆنلاین هەیە.

دژە تیرۆر: تۆ حەزت لە قسەیەو شتیشت پێیەو بە هێمنی و جوان باسی لێوە دەکەیت!

عومەر عەلی: ئەگەر بە هێمنی بماندوێنن و گوێمان لێ بگرن زۆر زۆر وردەکاریمان پێیەو سودیشمان لێ وەردەگرن، هەتا وەك حکومەت و یاساش و هەتا وەك گۆڕینی پشێوی کۆمەڵایەتیش.

دژە تیرۆر: بەلامەوە سەیرە تۆ وا قسە دەکەیت، نمونەیەکم بۆ بهێنەرەوە کە جێگەی قەناعەت بێت لای من.

عومەر عەلی: بۆ نمونە من ئەم حەفتەی رابردوە سیمینارێکم گرت لەسەر مافی منداڵ، ئەو دەقانەی کە پەیوەستە بە مافی منداڵەوە لە قورئانەکەی خۆماندا خوێندمەوە، بەراوردم کرد بە یاساکانی بەریتانیاوە، ئەوەی ئێمە زۆر شتی جوانترو وردتری تێدابو، ناڵێم هی ئێوە بە گشتی خراپە، شتی زۆر جوانتان هەیە، لە خزمەتی منداڵدا هەر لە حەملەوە تا گەورە بون، بەڵام ئیسلام زۆر بە وردتر باسی کردوە.

دژە تیرۆر: ئەو زانیاریانە قەناعەتی پێ نەکردم هەموی گشتی بو!

عومەر عەلی: تەنها سەرنجت بۆ بەشێکی کەمی ئەو بوارە رادەکێشم، من لە وەزارەتی تەندروستی زانیاریەکانم وەرگرتوە لەسەر لەباربردنی منداڵ **(Abortion)**

زۆر پێچەوانەی ئیسلامی ئێمەو لە خزمەتی کۆمەڵگەشدا نی یە، ئەوەی ئیوە بە گشتی پشێوی دروست دەکات، هەربۆیە کۆمەڵگە متمانەی کەم بوە لەنیو خۆیدا، لە یاساکەی ئێوەدا بۆ لەباربردن دەڵێ (٢٤) حەفتە بە ئاسانی دەتوانرێت منداڵ لەبار ببرێت،ئەڵبەت دوای ئەوەش هەر مەجالی تێدایە! وە چەندین رێگەی جیاوازیشی بۆ دانراوە بۆ ئاسانکاری!

ئەوەی لای من جێگەی سەرنج بو دەڵێ: هەتا کچ کە شوی نەکردوەو لەماڵی دایك و باوکیایەتی دەتوانێت بە دزی دایك و باوکیەوە منداڵەکەی بکوژێت بەم شێوە، یان ژن دەتوانێت بە دزی پیاوەکەوە ئەو کارە بکات!

ئێ ئەمە لە کوێ و یاسای قورئانی ئێمە لە کوێ، لە قورئاندا هاتوە، ژن و پیاو ئەگەر بیشیانەوێت منداڵەکەیان لەشیر ببڕنەوە دەبیت بە راوێژکردن بێت لەگەڵ یەکتر، نابێت ژن و پیاو شت بشارنەوە لەیەکتر **(فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ)**[1] باشە من بە تۆ دەڵێم لەبار بردن قورسە یان لە شیر بڕینەوە؟! لە کاتێکدا، لای ئێمە مەگەر تەنها کێشەیەك هەبێت، گەرنا منداڵ گیانی کرا بەبەردا ناتوانیت بیکوژیت نە بە دزیەوە نە بە ئاشکرا، چون لە قورئاندا بە رونی باسی مافی منداڵی کردوە، ئەوەش مافی منداڵە، وە هەتا منداڵ مافی هەیە دایك و باوکی خۆی بناسێت، تاوانی چی یە بە زینا **(Adultery)**لەدایك ببێت، یان بە بێ گرێبەستی شەرعی! کە مافی ئافرەتی تێدا زۆر دەفەوتێت! لە دینی ئێمەدا ئافرەت یان ئەوەیە شوی نەکردوەو پاکە، کە شو دەکات، یان پیاو مردوە، یان تەڵاقدراوە، بۆ شو مردوەکە لە قورئاندا هاتوە **(أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا)**[2] واتە: چوار مانگ و دە رۆژ بۆی نی یە شو بکات، بۆ ئەوەی دەرکەوێت یەکەم حامیل نیە، تا منداڵەکەی تێکەڵ نەبێت لەگەڵ کەسێ تردا، وە تا نەفسیشی ئارام دەبێتەوە، گەر تەڵاقدراویش بێت دەبیت سێ جار بکەوێتە حەیزەوەو پاك ببێتەوە. (وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ)[3]

---

[1] البقرة ٢٣٣.

[2] البقرة ٢٣٤

[3] البقرة ٢٢٨

ئێوە پێی دەڵێن: (Period)

ئەم هەمو وردەکاریە لە قورئانەکەی ئێمەدا هاتوە بۆ پاراستنی منداڵ، ئەمە تەنها شتێکی سەرپێ یە تۆ هەست دەکەم ئەوە جیهازەکەت لێ دەدات نامەوێت تەئخیرت بکەم کە بڕۆیت.

بەڵام ئەوە دەڵێم: ئەمە لە کوێ و ئەوەی ئێوە لە کوێ لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانتاندا بە ئاشکرا تێکەڵ بوونی وەچەکان نیشان دەدات کەسی وا هەیە پیاوێکە یان ژنێکە ئەوسا دەزانێت کێ برایەتی یان و بەردەوام فەحسی خوشکیەتی، (DNA)دەکەن!

هەیە خوشك و برا زەواجیان کردوە لەگەڵ یەکدا، لە کاتێکدا لە دینی مەسیحیەدا ئامۆزاش زەواج پێکەوە ناکات چ جای خوشك و برا.

دژە تیرۆر: وانەیەکی باشت بۆ شیکردمەوەو سەرنج راکێش بو.!

عومەرعەلی: ئێمە لە خۆمانەوە قسە ناکەین،سەدان کەسمان هەیە دکتۆرا لە بەراوردکاریەکاندا دەهێنن.

دژە تیرۆر: ئێمە خوێندمان پێ خۆشە.

عومەر عەلی: دینەکەی ئێمەش خوێندنی پێ خۆشە، یەکەم ئایەت بە بخوێنە دەستی پێکردووە، رێکخراوێکیشم هەیە بۆ یارمەتی قوتابی هەر بەناوی بخوێنە.

گەر پرسیاری زیاتری بکردایە منیش وردەکاری زیاترم بە هەمان نەفەسەوە دەدا.

میراودەلی: لە هۆنراوەیەکدا دەڵێ:

**من نازانم کە دەنوسم، پەیڤەکان چۆن نۆرە دەگرن.**
**کامەن ئەو رەنگانەی دەژێن، کامەن ئەو ژەنگانەی دەمرن.**
**هەر ئەوەندە ئاگام لێیە، دڵم پڕە لە شەپۆلی ئەو هەستانەی قەت نامرن.**
**بۆ تۆ، بۆ من، بۆ چارەڕۆژێکی ڕۆشن.**

میراودەلی: لە هۆنراوەیەکدا دەڵێ:
من نازانم کە دەنوسم،
پەیڤەکان چۆن نۆرە دەگرن.
کامەن ئەو رەنگانەی دەژین،
کامەن ئەو ژەنگانەی دەمرن.
هەر ئەوەندە ئاگام لێیە،
دڵم پڕە لە شەپۆلی،
ئەو هەستانەی قەت نامرن.
بۆ تۆ، بۆ من،
بۆ چارەڕۆژێکی ڕۆشن.

# قیبلە

د. عومەر عەلی
٢٠١٩